# وێنەیەکی یەکجار زۆر مێژویی کۆماری کوردستان (1946)

ج. س. سۆران



ئەم وێنەیە، کە لە کن باوکم (سەرهەنگ برایم سەلاح) بو، ساڵی 1959 دای بە من. دوای کەوتنە خوارەوەی نەمر کاپیتان محەممەد نانەوا زادە لە فڕۆکە، بابم بو بە فەرماندەی تەواوی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان، لە مەهاباد. بابم سەبارەت بەم وێنەیە، ئەمەی بە من وت :

"ئەم وێنەیە ساڵی 1946، لە شاری مەهاباد، پێتەختی کۆماری کوردستان خراوە. ئەو خانوبەرەیە، کە وێنەکە لە بەری دا خراوە، ئەو کاتە ناوەندی هێزی گشتی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان بو، کە لە گەڕەکی پشت تەپ، لە باشووری شاری مەهاباد هەڵکەوتبو."

ئەو کەسەی کە لە نێوەڕاستی خەڵکەکەدایە، کورتە باڵایە، لیباسی کوردی لەبەردایە و گۆرەوی سپی لە پێدایە، سەرهەنگ برایم سەلاحە. ئەوانەی دیکەش دەبێ هەموویان کەسایەتیەکانی کۆماری کوردستان یا کەسایەتی هێزی پێشمەرگە بن، کە بە داخەوە من هیچیان ناناسم، چو ئەو کاتە پێنج ساڵانە بووم.

تکام ئەوەیە، هەرکەسێک ئەو خۆشەویستانە دەناسێ، رایبگەیێنێ تا ئەم وێنە مێژووویە، بە تەواوی ساغ ببێتەوە. بریا تەواوی وێنە مێژویەکانیش مان بڵاو بکردایەتەوە، تا نەفەوتێن.

لەگەڵ رێزی بێ بڕانەوە و ئەمەکناسی بۆ تەواوی خزمەتگوزارانی ناسرراو و گومناوی دۆزی رەوای گەلی کورد.